# هیدفۆنێک چەند ئەرک ئەنجام دەدات



هیدفۆن ئەو ئامێرەیە ئەگەر بتەوێ کەسانی دەوروبەرت ئازار نەدەی بتوانی گوێ لە رادیۆ و ئاواز و گۆرانی یان فایلێکی تایبەتی دەنگی بگری، ئەرکی هیدفۆنە تەنیا ئەوەندەیە و تەواو!! بەڵام هیدفۆنی هۆشمەندی kuai بەوەندە ناوەستێ، بەڵکو دەتوانی لەکاتی مەلەکردن و قوڵایی ئاویشدا گوێ لە گۆرانی بگری، هیدفۆنەکە لێدانی دڵت دەپێوێ، رێژەی کالۆری (وزە)ی سووتێندراو رادەگەیەنێ، خێرایی لێدانی دڵتان دەزانێ و گشت ئەو زانیارییانەت لەکاتی کارکردن، مەلەکردندا پێت رادەگەیەنێ.

# گشت ئەرکی ماڵەوە

هەموو شتێك بەرەو زیرەکی و هۆشمەندی هەنگاو دەنێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا پێویست ناکات، ئاگاداری کەلوپەلە کارەباییەکانی ماڵەوە بی، پێویست ناکات گڵۆپەکان بکوژێینەوە یان دایانگیرسێنی، پێویست ناکات بۆخۆت دەرگا بکەیەوە، کە لە ماڵ چوویەوە دەرەوە و بەبێ خەمی کۆرپەی ساواکەت لەماڵەوە جێدێڵی، جلشۆر، قاپ شۆر، سەلاجە..تاد لەماڵ بی یان نا ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن، هەموو ئەو ئەرکانەی ئاماژەمان پێدان لە



# قەڵەمی بێ رەنگ هەموو شتێک دەنووسێت




ئەو قەڵەمەی دەیبینن سیحری نییە، چونکە لە دنیای دیجیتالی سەردەم سیحر و جادوو باوی نییە، بەڵام ئەوەی بە خەیاڵتاندا نایەت روو دەدات!! قەڵەمی Phree هەستەوەرێکی لەیزەری بە سەری نوکەکەیەوە کە بەهۆیەوە دەتوانی هەموو شتێك بنووسی بێ ئەوەی کە هیچ شوێنەوارێك لە نووسینەکە هەبێت، بەڵکو نووسینەکە لەسەر شاشەیەکی مۆبایل یان کۆمپیوتەر نیشان دەدرێت، قەڵەمەکە زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەرکی دیزاین و نەخشەسازی یان کاری وێنەکێشان و شێوەکاری ئەنجام دەدەن، کێشی قەڵەمەکە تەنیا 30 گرامە و باترییەکەی هەتا هەفتەیەك دانابەزێت.

# بەو ئامێرە بسپێرە

سایەی ئامێری هۆشمەندی ZET smart home، ئەو ئامێرە چاودێری گشت ئامێرە هۆشمەندەکانی ماڵەوە دەکات، لە پلاکی کارەباوە تا دەگاتە ئاگادارکردنەوەی گریانی منداڵ. ئامێرەکە لە تۆڕی ئینتەرنێتی خێرا سوود وەردەگرێ و گشت ئامێرەکانی ماڵەوە بە سیستەمی وای-فای بەو ئامێرەوە پەیوەند دەدرێن و لە ڕێگای دوور و بەهۆی مۆبایلەکەتەوە کۆنترۆڵی دەکەی، ئامێرەکەش هەر کردارێك ڕوودات بە مۆبایلەکەت ڕادەگەیەنێ..




# گوگل چاویلکەیەکی دیکە بەرهەم دێنێ



چاویلکەی هۆشمەندی گوگل کە بەهۆیەوە دەتوانی سەیری فیلم بکەی، سایتەکان بکەیەوە و سەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بدەی، هۆشمەندتر دەبێت، ڤێرژنی نوێی چاویلکەکە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە: بە ئاو تێك ناچێت، لە ئاست کەوتنە خوار و بەرکەوتندا خۆراگرە. چاویلکەکە تەنیا بۆ بەکارهێنەرێکی ئاسایی نابێت، بەڵکو بۆ تاقیگاکانی پزیشکی و خۆراکی، شوێنە پیشەسازییەکان، ئەو جێگایانەی پێویستیان بە وردبینی هەیە سوودی لێوەردەگیردرێت. چاویلکەکە پێچەوانەی ڤێرژنەکانی پێش خۆی دەنوشێتەوە و هەڵگرتنی ئاسانترە و باترییەکەشی درەنگتر دادەبەزێت..

# کامێرایەکی پیشەیی زۆر بچووک




کامێرای پیشەیی واتە ئەوانەی بۆ پیشەیەك دەنگونجێن و ئەرکی کامیراوانیان پێ ئەنجام دەدرێت، دەبێت تایبەتمەندیان لەگەڵ کامێرایی ئاسایی و ئەوانەی تاك بۆ کاری تایبەتی خۆی بەکاردێنێت جیاواز بێت. کامێرایی پیشەیی لە بواری نرخەوە هەمیشە لەسەرێن و کێش و دیزاینیان لە کامێرای دیکە جیاوازە. لەم دواییەدا کامێرایەکی بچوکی پیشەیی لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمریکی z camera بەرهەم هاتووە. کامێراکە کە بە E١ ناسراوە، هەروەك لە وێنەکەی را دیارە بچووکە و لە پەنجەدا جێی دەبێتەوە، بەڵام بە وێنە بە کوالیتی ٤K دەگرێت، لینز واتە (عەدەسە)ی کامێراکە دەگۆڕدرێن. ئەو فیلمانەی بەو کامێرایە دەگیردرێن، کوالیتیان زۆر لەسەرێیە، بۆ وێنە گرتنیش زۆر گونجاوە و کوالیتی وێنەگرتنی ١٦ مێگاپیکسڵە، کامێراکە تایبەتە بە مەیدانەکانی وەرزش و لە ڕووناکی زۆر کەمیشدا وێنەی جوان دەگرێت. بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەت بەو کامێرایەوە دەکرێت لەسەر مۆبایلیش کۆنترۆڵی کامێراکە بکەی، سیستەمی وای-فای و بلوتوسی هەیە.

## پرۆگرامێک بۆ سڕینـــــــــــــــــــەوە

سڕینەوەی پرۆگرامەکانی سەر کۆمپیوتەر ئەوەندەش ئاسان نییە کە باسی لێوەدەکرێت، راستە ئێمە هەرکاتێك نیازمان هەبێت پرۆگرامێك بۆ هەمیشە بسڕینەوە دەچینە سەر بەشی کۆنترۆڵ پەنەڵ و لە بەشی add or remove PRogram، پرۆگرامەکە دەدۆزینەوە و پاشان دەیسڕینەوە.. راستە ئەمە کردارێکی ئاسانە، بەڵام زۆر پرۆگرام بەو شێوەیە ناسڕێنەوە، یان ئەگەر بشسڕێنەوە، پاشماوەیان لە سیستەمدا هەر دەمێنێتەوە.. بەڵام پرۆگرامی reve uninstaller دەتوانێت پرۆگرامێك بەتەواوی بەبێ ئەوەی فایلێکی لە پاش جێمابێت دەسڕێتەوە.. بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- هەڵگرتنەوەی کۆپییەك لە ریجستەری ویندۆز بەر لە سڕینەوە پرۆگرامەکان.
- توانای نیشاندانی لیستی پرۆگرامەکان لەگەڵ ئایکۆنی تایبەت بە پرۆگرامەکان.

## فیسبوک لە هەوڵدایە ئینتەرنێت بکاتە خۆڕایی

چەند ساڵێکە گوگڵ لە هەوڵێکی جیدی دایە کە ئینتەرنێت بۆ هەموو جیهان، بەتایبەتی بۆ شوێنە دووردەست و وڵاتە هەژارەکان بکاتە خۆڕایی، ئەویش لە ڕێگای باڵۆنی گەڕۆکەوە، بەڵام هەتا ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. فەیسبووکیش نیازی هەیە ڕێگایەکی دیکە تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئینتەرنێت بکاتە خۆڕایی ئەویش لە ڕێگای تیشکی لەیزەرەوە.

وەك ئاماژەی پێدرا هەوڵەکەی گوگل ڕێگای بەرزکردنەوەی باڵۆنی گەڕۆك بوو، بەڵام فیسبووك لەرێگای مانگی دەستکرد، فڕۆکەی بێ سەرنشین و لەیزەر بەنیازە ئەم ئامانجەی بێنێتە دی، بەجۆرێك مانگە دەستکرد و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان ئامێرە لەیزەرییەکانی تایبەت بە بەخشینی ئینتەرنێت لە هەموو جیهان بڵاو بینەوە، بەڵام گوگل و فەیسبووك تا چەند دەتوانن ئەم ئامانجە بێننە دی و ئینتەرنێتی بە خۆڕایی لەهەموو جیهاندا بڵاو بکەنەوە.





## هەر جارە و وەڵامی

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چ بکەم ئەگەر فایلێکی word یان PowerPoint بۆ کەسێك بنێرم، ئەو فۆنتانەی لەو فایلەدا بەکارم هێناوەن لەگەڵ فایلەکە بەڕێ بکەم و بۆ ئەوەی فایلەکە چۆن نووسراوە لەوێش وا بکرێتەوە؟

خوێنەری بەڕێز: لەسەرەتادا بچۆ سەر بەشی file و بەشی options هەڵبژێرە، پاشان بچۆ بۆ بەشی save و هێمای سەح لەسەر فەرمانی emped fonts in the file بدە و ok بکە. هەر ئەوەندە و بەس ئیدی فایلەکەت بە فۆنتانەی تێیدا بەکارهاتوون بۆ هەرکەسێك دەتوانی بەڕێ بکەی.




## ـــــەوەی پڕۆگرامەکان

- توانای سڕینەوەی فایل و فۆڵدەرەکان لە سەلەی ویندۆزدا.
- نیشاندانی وردەکاری پڕۆگرامەکانی سەر سیستەم، وەك ناوی کۆمپانی، ڤێرژنی پڕۆگرامەکە، شوێنی دانانەکە، ئەدرەسی سایتەکە..
- سڕینەوەی تەواوی فایل و دوگەکانی پەیوەندیدار بە پڕۆگرامەکان.

## فلاش میمۆری وایەرلەیس تایبەت بە مۆبایل

یەکێك لە کێشەکانی مۆبایل ئەوەیە کە بەئاسانی ناکرێت فایل و داتاکانی سەری بۆ سەر فلاش بگوازرێتەوە، هەرچەندە کێبڵێکی تایبەت هەیە کە شوێنی دانانی فلاش میمۆری هەیە و بەهۆی کێبڵەکە بە ئاسانی داتاکان دەگوازرێنەوە، بەڵام ئەم کێبڵە ناکرێت هەمیشە و لە هەموو شوێنێك بەکارهێنەری مۆبایل لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە کۆمانیای (san disk) فلاش میمۆرییەکی وایەرلەسی بەناوی connect wireless stick بەرهەم هێناوە، بەهۆی ئەم فلاش میمۆرییەوە بەئاسانی فایلەکان لە مۆبلەوە دەگوازرێنەوە. فلاش میمۆرییەکە قەوارەکەی 128 گیگابایتە و شەحن دەبێتەوە. جگە لەوەش ئۆتۆماتیکی وێنە و ڤیدیۆکانی سەر مۆبایل بۆ سەر خۆی دەگوازێتەوە..







## سایتێک بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی ژیان

تۆمارکردنی ڕووداوەکانی گرنگی ژیان، بەشێکە لە ژیانی ئەمڕۆی ئینسانەکان، وەك نووسینی یادەوەری ڕۆژانە، گرتنی وێنەی یادگاری و فیلمی لەخۆت و هاوڕێ و بنەماڵەت.. ئەمانە بەشێکن لە ژیانی ئەم سەردەمە..

ئەم ئەرکانە بە کۆمپیوتەر و مۆبایلیش ئەنجام دەدرێن... بەڵام لەوانە گرنگتر پاراستنیانە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، لە سایتی Intoloop دەتوانی ڕووداوە گرنگەکانی ژیان، لە هەموو بوارێکدا، یادداشت بکەی.. پاشان وەك کاغەزێکی ئاسایی لاپەڕەکانی هەڵبدەیەوە. بە ویستی خۆت دەتوانی، نووسین، وێنە فیلم دابنێی و لەگەڵ هاوڕێیانت هاوبەشی بکەی.